# تێکەڵ و پێکەڵ

## پیاو لۆ خوای بری



شوان غەمبار

### ڕەمەزان

دنیا زۆر گەرم بوو لەخوام دەویست تانکییەک ئاو هەبێ و زوو خۆمی (تێ بهاوێم)، هەر خۆم هاویشتە ناو تەکسی (کابرای سمێڵ فشە سەرلووسەکە) دەستی پێ کرد توخوا ئەوە وەزعە؟ ئەوە حارە؟ هێشتا رەمەزان نەهاتییە پەنیرو تەحین و کونجی و برنج و مریشک و کشمشمان لە بازاڕی نەهێشت!. عالەم لە هەنکەوە پاقلاوەی دەکڕی.. وەنییە حکومەت نرخی لە سەر شتومەکی دانێ، دەنا زەلام زەلامی دەخوا.. گۆتم! ئەگەر هەریەک لەمە خۆی چابکا.. بەخۆی هەموو چشتەک چا دەبی، گۆتم وەنییە مامۆستا.. کورد دەرێ شەرحی مار بە دار قانوون.. رۆشنبیری- ئەمە بە خۆمان باری خۆمان گران دەکەین ساویلکەین.. نەزانین – دڵسافین بەوەش نابینە هیچ!. چ ئی خۆمان کەرەوزو تەڕەتولەو کەوەریشمان لە دەوڵەتان لۆ دێ ئەوە کەنگی وەیە مامۆستا بە قوربانت بم.. کابرا ئارەقەی کردبوو.. لە خوای دەویست زوو بکاتە مارێ- عەلاگەیەکی زۆریشی پێ بوو بە دەست خۆم نەبووکردمە (فزوولی) ئەرێ مامۆستا دەتانم پرسیارەکی بکەم؟. ئەو هەموو عەلاگانە چی تێ دایە؟ کابرا سەری بادا گۆتی: ئەدی ئەفەندی سەعاتەکە باسی چیت لۆ دەکەم؟ چیت لی بشارمەوە ؟ ئەمن دەزانم ڕەمەزان مانگی خواردنێ نییە، مانگی برسیەتییە! لە ترسی قۆڵبڕو بێ ویژدانان بای یەک مانگم کڕیە!. پەنیر تەحین برنج چا مریشک سیقەدۆرە شەکر فاسۆلیا .. ترسام هەتا ڕەمەزان دێ ئەو شتانە هەر لە بازاڕی نەمینێ لەترسی هەندێ لۆێ کریم!



## ژێرکاتێر










# پاشماوەی خەبەر عاجیل

بۆ دڵنیابون لەو خەبەرە خۆش و عاجیلەی لاپەڕەی یەکەمی گۆڤارەکەمان، پرژو بڵاو بوینەوە بە هەموو خاڵە سنوریەکانداو بە خزمەتی زۆربەی ئاغایان و قارداشانی دراوسێمان گەیشتین، لە نییەتی ئەم برادەرانەدا بۆمان دەرکەوت، لەوانەیە تا تەواوبونی مانگی ڕەمەزان تەنها لەعانی ڕۆژو شکاندنی ئێواراندا تۆپی بەربانگمان پێوەنێن، ئەویش لەبەر ئەجری دراوسێیەتی، ئەگەرنا چ مەجبورن هەموو سەری سەعاتێک تۆپێکی سەدو شەشمان بەدیاری بۆ حەواڵەکەن؟!!



## لە ڕۆژێکی وەک ئەمڕۆدا:

لە هەولێکی بێوێنەداو لە ئەنجامی کێشمە کێشم و ڕاکە ڕاکەو بگرەو بەردەی ساڵی هەڵماتێن و بەردە فرکەی خۆپیشاندانیدا لە چەند مانگی ڕابردودا، ڕێژەی دەرچوان لە قوتابی و خویندکارانی سەرانسەری کوردستاندا، بەهەزار شەڕە شەق و ئەمسەرو ئەوسەر گەیشتە لەسەدا چل و ئەوەندە، ئەمەش خۆی لەخۆیدا ڕێژەیەکی زۆر عەیب و شورەییە!!

٢.لە نیوەڕۆیەکی وەک سەرلەئێوارەی پێرێداو لە سورعەتێکی نەیزەک ئاسادا، تەنکەرێکی نەوت بە بارەوە خۆیکرد بە مەلەوانگە داخراوەکەی سەر ڕێگای هەولێر کەسنەزانداو بە کەماڵی ئیسراحەت خۆی فێنککردەوە! ئیتر نازانم هۆکاری ئەم خۆپێداکردنە پەیوەندی بە کەش و هەواوە هەیە؟ یان وەک پورە مەلیح دەفەرمێ: ئەمیش خەتای حکومەتە؟!

٣. لە ئێوارەیەکی وەک هەینیداو لەبەرواری چەپڵە لەسەر فیکەی ساڵی دووهەزارو بەنزینی بەلاشیدا، لە ترافیکەکەی لای نەخۆشخانەی ڕزگاری، پاسێکی وەزارەتی تەندروستی لێوانلێو بوو لە گەنجی خوێن گەرم و لە سەیران گەڕابونەوە، هەندێکیان بە دانیشتنەوە چەپڵەیان دەکوتاو هەندێکی تریان بە پێوە سێ جرتەکی هەڵدەپەڕین!!

# چێشتی مجێور

## دیمانەی گەپ

### فەیس بوك

فەرهاد فره ڕێس

**گەپ/** ناوت چییەو لە چییەوە هاتوی؟

**فەیس بوك/** ناوم فەیسەو لە بوکەوە هاتوم!

**گەپ/** کەی تەشریفت هێنایە ناو ئەنتەرنێت؟

**فەیس بوك/** بۆ عەوام لە ساڵی (٢٠٠٨) وە

**گەپ/** لەڕێی چ پیاوچاکێکەوە؟

**فەیس بوك/** لەڕێی (مارك زوکربیرج) ەوە

**گەپ/** ئامانج لە بوونی تۆ چییە؟

**فەیس بوك/** کۆمەڵایەتی و رامیاری و دڵداری و بێباری

**گەپ/** لەڕووی سیاسییەوە چ پەنێکت داوە؟

**فەیس بوك/** دوو رەئیسی عەرەبم هەڵفراندوە، عەلی و بەشارو قەزافیشم خستۆتە پاقلەکەوە.

**گەپ/** ئەی لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە چیتکردوە بە چی؟

**فەیس بوك/** رۆژانە کچ دەدەمە بە شو، ژنیش دەدەمە بە تەڵاقدان!

**گەپ/** کەواتە تۆ قازیت؟

**فەیس بوك/** نەخێر مراوی نیم، خۆت کەڵەشێری!

**گەپ/** بێتامترین ئەتواری بەشداربوان چییە؟

**فەیس بوك/** ئەوەیە برادەرێك وێنەیەکی خۆی بڵاودەکاتەوەو لەتەنیشتیا دەنوسێ ((ئەمە دوێنێ گرتومە))

**گەپ/** دوا وتەت چییە بۆ دیمانەی گەپ؟

**فەیس بوك/** ئێستا نایڵێم، دوایی بە کۆمێنت بۆت دەنوسم!







## خۆت مەشغوڵ بکە.. بەڵام دوای دەوام

گا: ئوستاز رفعەت



**دووربێ لە رووتان بە پانی/**

١- خواردنێکی فوول زستانەیە، هەر لە سەر عارەبانەیە ـــپ- .

٢- حەیوانێکی زەبەلاحە .

٣- بە قەد حەموومانەوەیە .

٤- نیوەی (پیرێژن + لە تایەفەی زەویە .

٥- لە (ڕێ و شوێن)دا بۆی بگەڕێ ــ هەر بە خۆت .

٦- تاقیبی بکە لە (بزر بوو فەوتا) .

٧- داماو و غەمبار.

٨- (پیری) بە نیوەچڵێ .

٩- (پیتێکە) + هەر بۆ سەربرین باشە).

**بیلامانێ بە درێژی /**

١- لە دەستی مـرووور، کونە مشکی لێ بووە بە کوورەی تەنوور ــ پۆخڵ.

٢- دیسان بنی بنەوە .

٣- (خۆش)ی هەیەو (ناخۆش))یشی هەیە ــپ- .

٤- لە گفتوگۆو دانوستاندن بێزاربووە .

٥- فشەکەرەکان دەیکەن ــپ- .

٦- بیلامەعنا بە بێ جل.

٧- نە (شووتی) و نە (شامی).

٨- (نییە) لە لای تورکمانەکان ــ عەیب نەبێ کرێچی و ساحێب دوکان لە سەرە مانگدا دەیدەن.

٩- (میمك و پوور) تەنها لە هەولێر ــ هەر (شالیارە) و لەسەر وەزنی گزیرە.



حلی ژمارەی پێشوو
بۆ ( سەردار محەمەد ئەسعەد) دەرچوو

دوعا 38

# ئەزمەکان



کەژاڵ ئیسماعیل

هۆڵندا

کوڕەکەم کەمندالّ بوو هەر یارییەکمان بۆ ئەکڕی و بەپاتری ئیشی بکردایە بێ سێ ودوو ئەیشکان و مەکینە بچووکەکەی دەرئەهێنا، تا بزانێ چۆن ئیش ئەکات، جا ئەو ئەزمەی ئیقتصادییەم بیرکەوتەوە کە شەو رۆژ باسی ئەکەن ، منیش دالّغەم بەلای مۆبایلەکەمدا رۆیشت، ئەو ئامێرە بچووکەی گەورەترین ئیش ئەکات! ئەبێ ئەو ئەقڵە چەن گەورە بێت ئەو داهێنانەی کردووە، بەرابەر ئەو ئەقڵە لۆکانەی هێشتا گریسیان پێوەیەو بەکارنەهاتون! ئەوە بۆڵەبۆڵیش بەخۆیی و مۆبایلێکی ئەنتیکەوە خۆی کرد بەمەسەلەکەدا و بیری بردمەوە ..

بۆڵەبۆڵ : ئەقڵی چی و ئەزمەی چی ؟ ئەو ئەزمەی ئیقتصادییە کاریگەری لەسەر ئەقڵی عالەم کردووە، بۆیە ئیش ناکات! لەوەتای ئەو خەڵکە کاسپی ئەکەن ئیقتصاد لەجرت و فرتدایە و مۆبایلیشی هاتۆتە سەر، پارەی وەحدەکەیشی حەشرمان پێدەکات، هەمیشە پێتدەڵێت ناتوانی پەیوەندییەکەت تەواو بکەیت، چونکە یەکەی تیانەما.

ورتەورت : بەڵام ئەو جرتوفرتەش هەر بەفیعلی ئەوکەسانەیە ئابووریی دنیایان بەقوڕا بردووە، مۆبایلش چەند باشەی هەیە ئەوەندەش شتی قۆڕ، برادەرێک گەرابۆوە کوردستان منالّێکی خزمییان پێی وتبوو: ( ئەڵێی لە عەصری حەجەرییەوە هاتووی، چەنم ئەیەیتێ ئەو مۆبایلەت بۆ فڕێبەم) !؟.

بۆڵەبۆڵ : مەعێن مۆبایلەکەی وەک ئەوەی بەندە بووە، ئەوەش هەر کاریگەریی ئەزمەکەیە، جا ئەو ئەزمەیە حەسیرمەیانی ئەقڵمانی کردووە ، لای بەعزێ ئابووری بووتە گاڵتەبازاڕ و لای هەندێکیش لەگەڵ سرکێتی کارەبای موەلیدەکەدا بەرزئەبێتەوە .

ورتەورت : ئەڵێن ئێستا ئەزمەی عاتیفی دروست بووە و ئیلاقاتی کۆمەڵایەتی بووەتە چای مەتعەمەکان، ئەمەنە ساردوسڕن ئەقڵ ئەتەززێنن! ئەمیش هەر هی مۆبایل گیانە، ئاخر ئەگەر مۆبایل نەبووایە مەجبور وەکو جاران حەوت گەڕەک و شارو دێ ئەڕویشتین بۆ ئەحواڵ پرسینێک!

بۆڵەبۆڵ : برادەرێک ووتی : لەوەتای ئەم ئەزمەی ئابوورییە لەئارادایە منالّەکانی منیش ماخۆلانیان گرتووە ، هەر بمەوێ پاروویە نان قوزەڵقورتکەم، لەسەر سفرەکە بیری پارەیان ئەکەوێتەوە! ئەرێ من لە سەد دۆلاری ئەچم، یان ٢٥هەزاری برێمەر؟ خانمەکەیشم مەشغوڵی (دۆنگ یی)ییە، ئەڵێی ئامۆزایەتی! وەخە دەسێ جلی وەک ئەویش ئەکاتە بەری و ئەیکا بەمۆدێل .

ورتەورت : ئەرێ بەڕاست ئێستا باوی ئەو شازادە و پاشایەیە، (دۆنگ یی) یاری بەئەقڵییان ئەکات، ئەو خەڵکەی ئێمە یاخوا خوو بەشتێکەوە نەگرن، ماوەیەکە دەمەلاسکێی ئەو زنجیرە دۆبلاژکراوانە دەکەنەوە!

بۆڵەبۆڵ : ئاخر ئەویش ئەزمەی شانۆو درامای خۆمانە، ئەو هەموو دەفتەرە دۆلارەی بۆ بێگانەیەکی هەڵئەڕێژن بیخەنە خزمەت هونەرەوە فیلمی (ترۆی) بە مراخانییەوە پێ دەرئەکرێ!! قوتابییەکی زانکۆ بەشی سینەما نوسیبووی: خۆتان سینەمان، سینەماتان بۆچییە ؟ لەپەیمانگەو کۆلیژی هەونەرە جوانەکاندا ئەزمەی مامۆستایە! هەرکە تەخەروجیش ئەکەن کەس نازانێ ئەو تەلەبانە چییان لێدێت ؟

ورتەورت : ئەرێ کاکە تۆ باسی چی ئەکەی، ئێستاش بەعزێ مومەسیلی ئێمە چاویان بڕیوەتە کامێراو دەقەکە وەک شیعر ئەخوێننەوە! خوا ئەکا ماڵپەڕی وەزارەتی پەروەردە ئەکەوێتەوە کار و ئەنجامی تاقیکردنەوەی پۆلی شەشەکان رائەگەیەنێت، تا ئەزمەکان قوڵتر نەبونەتەوە دوعایە بکەو بابڵێێن ئامیین!

بۆڵەبۆڵ : ( یارەبی بۆخاتری قووڵایی بەحری بەزەییت، لەو ئەزمانە رزگارمان بکەیت و لەوە قوڵتریان نەکەیت)

بەزمی رۆژ






# دوا کاتیر



Basam rasam

باسم ڕەسام

سلێمانی






